# باخچەیەك لە شیعری فەرەنسی




سەردەم

ئەگەر لــە خۆرئـاوادا و لە بواری فەلسەفەدا پێشڕەوی و پێشدەستی بۆ ئەڵەمانەکان بێت، ئەوا لە کایەی شیعرو ئەدەبیاتدا، ئەو جێگەیە فەرەنسیەکان داگیری دەکەن. لە سـەردەمی تازەدا یان بڵێین لە ڕۆژگاری مۆدێرنەدا ئەوە ئەدیبانی فەرەنسـاییین کە تازەگەری دێننـە بـواری شـیعر و چیرۆک و ڕۆمانەوە. هەر لە «شارل بۆدلێر»ەوە تا «ئارسـەر ڕامبـۆ» و «بەلزاک» و «ڤیکتۆر هۆگـۆ» و «ئەمیل زۆلا» و «ملارمێ»، تا دەگاتە «ڕینێیە شار» و «ئیڤ بۆنڤوا».

کتێبـی (باخچەیـەک شـیعری فەرەنسی)، هەوڵێکە بۆ نزیکردنەوەی خوێنەری کورد لە دنیا هەمە ڕەنگەکەی شیعری فەرەنسی لە «بۆدلێر»ەوە تا سوریالیەکان.

گەر حەز دەکەیت بەختەوەربیت،
ئەو گوڵە مەچنە کە دێتە سەر ڕێت و
خۆی پێشکەشی دەستت دەکا.
گوڵ هەر کە پشکوت، پەژموردەیە
با لە جەستەیدا
خوێنێکی خودایی قوڵپ بدا!

ئەم کتێبـە ئەگەرچی بە قەوارەش گەورە نییە، بـەڵام دەتوانێت هەندێ

خەسڵەتەکانی ناسـنامەی شیعری فەرەنسیمان پێ بناسـێنێ، لە سـەردەمی «بۆدلێرەوە» تا سوریالیستەکان. واتە ئەو قۆناغەمان پێ ئاشنا دەکات کە بە (گوڵە بەدەکان) دەست پێدەکات و بەسەر کێشیە شیعری و هونەریەکانی «ئەندرێ بریتۆن» و هاوڕێکانی کۆتایی دێت. ئەم کتێبە جگـە لە کرۆنۆلۆژیایەکی ناسـاندنی شـیعری فەرەنسی، ناساندنێکی خێرای شاعیرانی قۆناغە جیاجیاکانی شیعری فەرەنسـی تێدایە، لەگەڵ چەند پارچە شیعرێکیاندا.

لە ڕاسـتیدا بۆ ئەمڕۆ هەر بە تەنها فەرەنسی و فەرەنسـی زمانەکان مەعنی نین بە شـیعر و ئەدەبیاتی وڵاتی فەرەنسا، لەبەرئەوەی کاریگەری و شـوێن پەنجەی ئـەو ئەدەبە قەشـەنگە بە دوورترین شـوێنی دنیـا گەیشـتووە. ئەمڕۆ ڕۆشـنبیریەکی دنیـا نییـە، لە کایەیـەک لە کایەکانیدا، کاریگەری هونەر و ئەدەبی فەرەنسی لەسـەر نەبێت. ئـەم کاریگەریە بە ئاشـکرا لە شیعری عەرەبی و فارسی و تەنانەت کورردیشدا دەبینرێت. شوێن دەستی شیعرەکانی «ڕامبۆ» و «بۆدلێر» و «مالارمێ» و «سان جۆن پێرس»، بە ئاشکرا بەکار و بەرهەمی زۆرێک لە شاعیرانی دنیاوە دیارە.

پرۆژەی گۆڤاری شیعری (الشعر)ی لوبنانی و (الکلمـة)ی عێراقی و بزوتنـەوەی ڕوانگەی ئەدەبی کوردی، کەم تا زۆر کاریگەری ئەدەبیاتی خۆرئاوایی بە گشـتی و فەرەنسـایی بەتایبەتی پێوە دیارە. خوێندنەوەی شـیعری شـاعیرانی فەرەنسی قۆناغە جیاجیاکانیش بە زمانی کوردی، ئەو چاوەمان دەداتێ تابتوانین جۆری کاریگەری ئەو شاعیرانە لەسەر ئەدەبیاتی کوردی و وڵاتانی دراوسێ ببینین. خوێندنەوەی ئەم کتێبەش جگە لە چێژ بینین لە سـتاتیکا و فەزای شـیعر ئەو شاعیرانە، بۆ ئاشـکرا کردنی جۆر و ڕادەی ئەو کاریگەریانەش گرنگە.